چیرۆکی منداڵان



# کچە شقارتە فرۆشەکە

لە بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای رەنگار

RENGAR
Sound & Color Foundation

# کچە شقارتە فرۆشەکە



وێنەکان: ئەنتەرنێت

وەرگێڕانی: شۆڕش غەفووری

دیزاین: باوکی یەشتا

لەسەر ئەرکی کۆمپانیای (ڕەنگار) چاپ کراوە.

سەرپەرشتیار: هێرش یووسف



هەوا زۆر سارد بوو و بەفر دەباری. دواهەمین
شەوی سەری ساڵ بوو. بەفرێکی زۆر هەموو
ماڵەکانی داپۆشیبوو. لقی دارەکان
بەفرەکە شۆڕی کردبوونەوە.



منداڵەکان خۆیان بە جوانی داپۆشیبوو و هاتبوونە دەرەوە و یاریان دەکرد و
بابا نۆئێلیان دروست کردبوو.



لەوکاتەدا گالیسکەیەك هات و کچەکەش لە ترسی گیانی، خۆی فڕیدایە ئەوبەر جادەکە، بەڵام پێڵاوەکانی بەجێما. ویستی هەڵیانگرێتەوە، بەڵام لەوکاتەدا، کوڕێکی لاسار هات و هەڵی گرتنەوە بردنی. بۆیە بە پێ ڕووتی دەستی کردەوە بە شقارتە فرۆشتن. پێیەکانی لە سەرمایان سوور هەڵگەڕابوون و ئاوسابوون.



هەندێك شقارتەی هەبوون.
دەستە بچكۆلانەكانی لە سەرمایان سوور ببوونەوە،
هەربۆیە رەنگە كڵپەی ئاگرێك بتوانێت گەرمیان بكاتەوە.
تەنانەت خەڵكی پێیان نەدەگوت با بچینە ژوورەوە.



دەنکە شقارتەیەکی پێکرد و دەستە چکۆڵەکانی بەسەردا گرت،
بڵەیت دەستی بەسەر ئاگرێکی گەورەدا گرتووە. هەروەك
وردە وردە دەنکە شقارتەکانی دادەگیرساند بە هیوایەی کە
گەرم بکاتەوە و هەر جارەی شتێکی دەهاتە بەر چاوان.

سێیەم شقارتەشی پێکرد، بینی لەژێر داری کریس مەسدایە، ویستی دارەکە بگرێت، بەڵام شقارتەکە کوژایەوە.

لەو کاتەدا ئەستێرەیەکی ئاگردار بە ئاسماندا تێپەڕی. کچە بچکۆلەکە کەوتەوە بیری داپیرە گەورەی کە دەیگوت: ئەگەر ئەستێرەیەکی ئاگردار بە ئاسماندا تێپەڕێت، ئەوا روحێك دەیەوێت بەرەو لای خودا بچێت.





شقارتەیەکی دیکەی پێکرد، خۆی لەنێو
ژوورێکدا بینییەوە کە مێزیکی تێدا بوو
و سەر مێزەکەش پڕ بوو لە میوە.
ویستی بچێت میوە بخوات، بەڵام
شقارتەکەی کوژایەوە.



فریشتەکە هاتە خوارەوە و لەباوەشی گرت،
هەروەکو داپیری کە زوو زوو لە باوەشی دەگرت.
نێو باوەشی گەرم گەرم بوو. ئیتر پێویستی بە
شقارتە نەدەکرد و شقارتەشی پێ نەمابوو، بۆیە
باوەشەکە گەرمی دەکردەوە.



ئەوە دوایین شقارەتە بوو کە دایدەگیرساند. فریشتەکە هاتە تەنیشتیەوە و گرتیە باوەش و ڕۆیشت بەرەو ئاسمان. ئیتر کەس کچە شقارتە فرۆشەکەی نەبینییەوە، تەنانەت دایك و باوکیشی چاویان پێی نەکەوتەوە. تەنها ئەوە نەبێت کە خەڵك دەیزانی کچە شقارتە فرۆشەکە ڕۆیشتووە بۆ ئاسمان.




کچێکی بچکۆلانە  بە قژێکی زەردەوە خەریکی شقارتە فرۆشتن بوو. هاواری دەرکرد: یاڵا شقارتە، کێ شقارتە دەکڕێت؟ لە خەڵکی نێزیك دەکەوتەوە و داوای ئەوەی دەکرد کە شقارتەکەی لێ بکڕن، بەڵام کەس لێی نەدەکڕی.



ساڵی نوێ بوو و بۆنی خۆشی خواردنەکان هەموو شەقامەکەی داگیر کردبوو. کچەکەش نەیدەوێرا بچێتەوەماڵەوە، چونکە شقارتەکانی نەفرۆشتبوو و لەوە دەترسا باوکی لێی بدات.